عەلی قەرەداغی

یاریزانی هونەرە بەرگرییەکان و پاڵەوانی جیهان:

# گەیشتوومەتە قۆناغی یاریی لێسوەی کە بە یاریی مەرگ ناسراوە



*** سەرەتای دەستکردنت بە یاریی کیکبۆکس و هونەرە بەرگرییەکان چۆن بوو؟**

- لە ساڵی ٢٠٠٩ لە ئاستی کوردستان و عێراق بەشداریی پاڵەوانێتیەکانی کیکبۆکسم کردو چەندیین ساڵ لە ریزەکانی هەڵبژاردەی عێراق بووم، تا دواساتەکان و رۆشتنم بۆ دەرەوەی وڵات بە مەبەستی دەستپێکردنی یاریی موایتای و چەندین هونەری بەرگریی دیکە.

*** لە چەند جۆر یاری بەشداریت کردووە؟**

- لە یارییەکانی کیکبۆکس، کەی وەن، موایتای (تایبۆکس)، لێسوەی بەشداریم کردووە.

*** هۆکاری لەبەرکردنی ئەم کوڵەباڵە (فەرەنجی)یە چییە ؟**

- بۆ زیاتر نیشاندانی کولتوری کوردییە بە نەتەوە و وڵاتانی بیانی.

*** ئێستا لە چ قۆناغێکی یارییەکاندایت؟**

- گەیشتومەتە قۆناغی یاریی لێسوەی، کە بە یاریی مەرگ ناسراوە، کە تیایدا نۆ بەشی جەستە بۆ هێرشکردن بەکار دێت، کە بریتین لە: سەر، دوو پێ، هەردوو ئەژنۆ، هەردوو ئانیشك و دەستەکان.

*** تواناکانی خۆت لە چ ئاستێکدا دەبینیت؟**

- لە ئاستی کوردستان و عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا یەکەم کەس بووم کە دەستپێك و داهێنەری یاری موایتای (تایبۆکس)ی پرۆفیشناڵ و یاریی لێسوەی بووم، ئەویش بەهۆی ئەزموون و ساڵانێکی زۆر مانەوەم لە وڵاتانی تایلەند و کەمبۆدیا وچین و میانمار (بۆرما).

*** هەست ناکەیت یارییەکی ترسناکت هەڵبژاردووە، بەتایبەتی کە زۆرجار واژووی مەرگ دەکەیت؟**

- قووڵبونەوە و ئەزموونی ژیانی وەرزشیم و ساڵانێکی زۆر مانەوەم لە وەرزشەکەمدا بووە بە عەشق و خولیایەك کە سەرکێشی زیاتر لە بواری وەرزشەکەمدا لە وڵاتانی دەرەوە ئەنجام بدەم.

*** وەك ئاشکرایە کۆمەڵێك پرۆژەی خێرخوازیت ئەنجام داوە، ئامانجت لەم کارە خێرخوازییانە چییە؟**

- ئامانجی سەرەکیم دەوڵەمەندکردنی وەرزشی هونەرە بەرگرییەکانە و کردنەوەی پرۆژە لە بواری پەروەردە و هونەر و کولتوور و وەرزشە، هەروەها ئامانجم کردنەوەی گەورەترین

**عەلی عەبدوڵا قەرەداغی یەکێکە لە پاڵەوانەکانی کوردستان کە ئێستا لەسەر ئاستی وڵاتانی کیشوەری ئاسیا بۆتە پاڵەوانێکی گەورە و یانەکان و هەڵبژاردەکانی ئاسیا چاویان لە سەر ئەم یاریزانەیە، بۆ ئەوەی بزانن لە ئایندەدا ئەو پاڵەوانە کوردە بۆ چ تیپێك یاری دەکات، ئەو یاریزانە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٢ی شاری سلێمانییە و تەواوی مەشق و راهێنانەکانی لەگەڵ یانەکانی وڵاتی تایلەند و کەمبۆدیا ئەنجام داوە، خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەسەر ئاستی جیهانی، بەتایبەتی لە کیشوەری ئاسیا، لە ماوەی رابردووشدا لە دوو یاریی واژووکردن لەسەر مەرگی خۆی لە وڵاتی میانمار لە کیشوەری ئاسیا یاریی کرد و ئەنجامی گەورەی بەدەست هێنا، دوای سەرکەوتنەکەشی، ئەو برە پارەیەی کە لەو دوو یارییەدا بەدەستی هێنابوو، پرۆژەی خێرخوازیی بۆ منداڵانی بێ سەرپەرشت پێ ئەنجام داوە، گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی دانەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

نەخۆشخانەیە لە ئاستی کوردستان و تەنانەت لە رۆژهەڵاتی ناوەراستیشدا، دەمەوێت لە ئاستی تەواوی ناوچەکەدا بێ جیاوازی خزمەتی پەروەردەی منداڵی بێسەرپەرشت بکەم.

*** چۆن بوو بڕیارت دا چالاکییەکانت لە دەرەوەی کوردستان بێت و لەنێو ئەو هەموو وڵاتانەی جیهاندا بۆچی کیشوەری ئاسیات هەڵبژارد؟**

- وڵاتانی ئاسیا کانگا و داهێنەری زۆرینەی وەرزشی هونەری بەرگرییەکانن و ئەوان پێشەنگن لە رووی ئەزموون و بەدەستهێنانی ئەنجام لە پاڵەوانێتییەکاندا، کیشوەری ئاسیا شوێنی لەدایکبوونی زۆربەی هونەرە بەرگرییەکانە، بۆ نموونە: موایتای (تایبۆکس) لە شانشینی تایلاند، لێسوەی لە وڵاتی میانمار بۆرما، کەیوەن لە وڵاتی چین لە دایك بوون.

*** ئاستی یاریی تایبۆکس لە کوردستاندا چۆن دەبینی؟**

- وەرزشێکی نوێیە و لە ئاستێکی زۆر سەرەتاییدایە، لە ئاستی کوردستان و عێراقیشدا من دەستپێك و داهێنەری وەرزشی موایتای (تایبۆکس) پرۆفیشناڵ بووم.

*** بۆچی ئەم یارییە بە شێوەیەکی باش نەناسراوە و هۆکاری گرنگینەدان بەم یارییە چییە؟**

- بەڕێوەبەرانی یەکێتییەکانی کوردستان و عێراق هەرگیز روو لە وڵاتانی سەرچاوەی هونەرە بەرگرییەکان ناکەن و بۆ بەلارێدابردنی سەرچاوەی وەرزشی و گرنگیدان بە حەز و ئارەزووی خۆیان دەچنە چەند وڵاتێکی (نائەکادیمی بە وەرزشەکە) کە بۆ گەشتوگوزاری خۆیان دەڕۆن.

*** بەشداریکردنت لە یارییەکان بەناوی کوردستانەوە و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان چ هەستێکت پێ دەبەخشێت؟**

- من کوردم و کوردستانیم و حەز دەکەم لە رێگای هونەرەکەمەوە زیاتر ناوی کوردستان و ئاڵای کوردستان بە دنیای دەرەوە بناسێنم.

*** ئایا هیچ یانەیەکی وڵاتان داوایان لێ کردووی بە ناوی ئەوانەوە لە پاڵەوانێتییە گەورەکاندا یاری بکەیت؟**

-بەڵێ، هەریەك لە یانەکانی وڵاتانی (چین و کەمبۆدیا و تایلاند) داواکارن کە گرێبەستیان لەگەڵ بکەم بە مەبەستی بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییە جیهانییەکان، بەڵام لە ئێستادا بە هۆکاری سەرقاڵبوونم بە هونەرە بەرگرییەکانی دیکەوە لە بواری شانۆ و سینەما لە وڵاتانی ئاسیادا، گرێبەستی هیچ یانەیەکم وەرنەگرتووە.

*** بە نیازی ئەوە نیت بە یەکجاری بگەڕێیتەوە کوردستان و لێرە وەك راهێنەرێك گرنگی بە وەرزشەکەت بدەیت؟**

- بەپێی توانا لە کاتی گەڕانەوەمدا بە گوێرەی دەرفەت هەوڵی سیمینار و خولی فێربوون بۆ هاونیشتمانیان دەدەم، بەڵام هەتا گەنج بم، نامەوێت خۆم لە پیشەی یاریزانی دوور بگرم، چونکە تەمەنی گەنجی دەڕوات و دووبارە نابێتەوە، بەڵام دەتوانم لە داهاتوودا وەك پیشەی راهێنەر و بەڕێوەبەر و ناوبژیوانی قۆناغەکانی ئەکادیمی لە هونەری بەرگریدا وەك پرۆژە کاربکەم و تەمەنم بۆ کوردستان تەرخان بکەم.

*** هیواو ئاواتت وەك پاڵەوانێکی کورد لەم یارییە چییە؟**

- قووڵبوونەوەی زیاترم لە تەواوی هونەرە بەرگرییەکان و بەکارهێنانیان لە بواری شانۆ و سینەمادا بۆ خزمەتکردنی کەرتی پەروەردەو کولتوور و وەرزش بۆ کوردستانییان.

*** بیرت لە دروستکردنی هەڵبژاردەی کوردستان نەکردۆتەوە لەم یارییەدا؟**

- لە زۆربەی هونەرە بەرگرییەکاندا بیرم لە دروستکردنی بەهێزترین هەڵبژاردەی هونەری بەرگری کردۆتەوە، کە وەك بەهێزترین هەڵبژاردەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەنانەت جیهانیش دەربکەوین.

*** کێ سپۆنسەرت دەکات؟**

لە لایەن هیچ کۆمپانیایەکەوە لە کوردستان سپۆنسەر نەکراوم.

*** ئەگەر شتێك ماوە لە کۆتاییدا؟**

سوپاس بۆ کوردستانییان و سوپاس بۆ ئێوە لە گۆڤاری گوڵان کە بێ جیاوازی گرنگی بە وەرزشکاران دەدەن.

# یانەی رزگاری چاوی لەگەیشتنە بە خولی نایابی کوردستان

تیپی تۆپی پێی یانەی رزگاری قەزای ناحیەی رزگاری لە دەڤەری گەرمیان ئەمساڵیش شان بە شانی یانەکانی دیکەی کوردستان لە کێبڕکێیەکانی بەدەستهێنانی پلێتێکی خولی نایابی یانەکانی کوردستان لە هەوڵەکانی بەردەوامە، ئەم وەرزەش لە يارييەکانی نۆ هەفتەی رابردوو یانەکە لە پلەی دووەمی ریزبەندی یانەکان دێت، ئەم وەرزە کارگێڕی یانەکەبە هەمان ریتمی وەرزی رابردوو لە شەڕی بەدەستهێنانی پلێتکی خولی نایاب هەوڵەکانی بەردەوامە و دەیەوێت بە هەر نرخێك بێت یانەیەکی تری دەڤەری گەرمیان زیاد بکەن لە خولەکە، لەم بارەشەوە سەردار مەجید راهێنەری یانەی رزگاری بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی» ئەم وەرزە یانەکەمان لە ئاستێکی بەرزدایە پەنا بەخوای گەورە هەوڵی خۆمان دەدەین بۆ ئەوەی یەکێك بین لەو تیپانەی کە بتوانین سەرکەوین بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان، تاوەکو ئێستا لە کێبڕکێداین، بەڵام لە ناو خولەکە تووشی گرفت بووین هێرشبەری تیپەکەمان دیار ئەحمەد تووشی پێکان هات، دواتریش هێرشبەرێکی خولی عێراقمان بۆ سێ یاری هێنا ئەویش بە هۆی قەدەغەکردنی لە یاری کردنی لەلایەن یانەکەی تووشی دابڕان هات لەگەڵ ئێمە، لە بارەی گرفتەکانیان سەردار مەجید گوتی: گرفتمان ئەوەیە کە ئێمە لە ١٢ یاری حەوت یاریمان لە دەرەوەی یاریگای خۆمان ئەنجامداوە ئەمەش ناعەدالەتییە، هەندێك تیپ حەوت یاری لە یاریگای خۆیانە ئەمەش دەبێتە پاڵپشت بۆیان بۆنموونە هەریەك لە یانەکانی چەمچەماڵ و کۆیە، بەڵام ئێمە بەردەوام دەبین لە رکابەری کردنیان، ئێمە لە هەوڵ و کۆششی خۆمان بەردەوام دەبین تا دوا ساتەکانی خولەکە بەهیوای ئەوەشین ئەمساڵ دڵی هاندەرانی یانەی رزگاری خۆش بکەین، یانەی رزگاری تاکە یانەی قەزای کفرییە کە ئەمساڵ کێبڕکێ لە سەر بەدەستهێنانی یەکێك لە پلێتەکانی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان دەکات شان بە شانی یانەکانی چەمچەماڵ و کۆیە، یانەی رزگاری دەیەوێت ئەمساڵ تاکە یانەکەی قەزاکەی بێت لە خولە گەورەکەی کوردستان. یاریزانان و راهێنەرانی یانەکەش متمانەی تەواویان بەخۆیان هەیە کە دەتوانن ئاست و ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەستبهێنن.

## گرفتی دارایی رێگرە لە بەردەم یانەی ئاسۆ

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی ئاسۆ ئەم وەرزە بەهیوای ئەوەیە بتوانێ یەکێك لە پلێتەکانی سەرکەوتن بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەدەست بهێنێت، هەرچەندە راهێنەرێکی تازەی بۆ خولی پلە یەکی یانەکانی کوردستان دەستنیشان کردوە بۆ ئەوەی بتوانێ لەم قۆناغەی خولەکە بەسەرکەوتوویی ببڕێ، بەڵام گرفتی دارایی رێگرە لە ئەوەی بتوانن بە ئاسانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، لە نۆ هەفتەی رابردووش یانەکە تەنیا دە خاڵی بەدەستهێناوە، لەم بارەشەوە سەرمەند عەزیز یاریدەدەری راهێنەری یانەی ئاسۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: کێشەو گرفتمان زۆرە بەشێکی دەگەرێتەوە بۆ باری دارایی، هەرچەندە کارگێڕی یانەکە بە پێی پێویست هاوکاری تەواویان کردووین، گوتیشی: هەوڵی گەیشتن بە خولی نایابی کوردستان کەمە، بەڵام وەکو بەرنامە کاری زۆرم هەیە، هەرچەندە ئەمساڵ فریای هەمووی ناکەوین، چونکە من دوای ئەنجامدانی سێ گەڕ خولەکە ئەوکات دەستم بەکار کردوە وەکو یاریدەدەری راهێنەر، بۆیە هەموو شت ناکرێت لە ناو بەڕێوەچوونی خولەکە، پەنا بەخوا ئەگەر ساڵی داهاتوو بەردەوام بووم کاری زۆرم دەبێ بۆ تیپەکە، چەند ساڵی رابردووش یانەی ئاسۆ یەکێك بووە لە یانە بەهێزەکانی سەر ئاستی کوردستان و پارێزگای هەولێر خاوەنی ژمارەیەك ئەستێرە بووە، ئەمساڵیش هەموو هەوڵێکی کارگێڕی یانەکەیە جارێکی دیکە یانەی ئاسۆ بکەنە ژمارەیەکی قورس لە خولی نایابی کوردستان ئەگەر توانیان پلێتی سەرکەوتن لە خو لە کە دەستەبەر بکەن.





# بەیار ئەبوبکر لەخولی عێراق گرێبەستی بۆ هاتووە



یانەکانی کوردستان بەهۆی دواخستنی یارییەکانی خولی نایابی یانەکان ئەمساڵ بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، پشتیان بە یاریزانانی کوردی ئەستێرە بەستووە، (بەیار ئەبوبەکر) یەکێکە لە یاریزانە بەتوانا کوردەکانی خولی نایابی یانەکانی عێراقی و لەگەڵ یانەی نەفتی شاری بەغدا لە خولەکە خاوەنی ئاستێکی بەرز بووە و ئەم وەرزەش لە قۆناغی یەکەمدا یاریی بۆ یانەی دهۆك ئەنجام داوە، کە یانەکەی پێشتری خۆی بووە، لەم بارەشەوە بەیار ئەبوبەکر یاریزانی یانەی دهۆك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بە هۆی خۆپیشاندانەکانی شارەکانی عێراقەوە یارییەکانی خولی نایابی عێراقی دواخراون، منیش لە سەر داوای کارگێڕیی یانەی وەرزشی دهۆك رووم لە یانەکەی پێشووی خۆم کردەوە بۆ ئەوەی بتوانم لە قۆناغی یەکەمی خولی کوردستان ئاست و ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەم، هەرچەندە یانەی دهۆك خۆی خاوەنی کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانایە و ئاستی تیپەکەش وەکو پێویستە، بەڵام گرفتی دارایی رێگرە لەبەردەم یاریزانەکان، چونکە ماوەی سێ مانگە هیچ مووچەیەك نەدراوە بە یاریزانانی یانەکە، ئەوەش گرفتی گەورەی بۆ تیپەکە دروست کردووە»، گوتیشی: «ئێستا قۆناغی یەکەم تەواو بووە و دەگەڕێمەوە شاری بەغدا بۆ پەیوەندیکردن بە یانەی نەفت و ئەنجامدانی یارییەکان لە خولی عێراقی کە وا بڕیارە یارییەکانی دەست پێ بکاتەوە، لە ئێستاشدا یانەی زەورا داوای گرێبەستیان لێ کردوم و لە کوردستانیش چەندین یانە داوایان کردووە یارییان بۆ بکەم، بەڵام لە ئێستادا من تەنیا بیر لە یانەکەم دەکەمەوە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولی نایابی عێراقی، لەو باوەڕەشدام یانەی دهۆك لە قۆناغی دووەم ئاست و ئەنجامی باشتری دەبێ، ئەگەر گرفتە داراییەکانی چارەسەر بکات.







# یانەی هەولێر

## پێکهاتەی خۆی بە شەش یاریزان تۆکمە دەکات

**هەفتەی رابردوو لە کۆنگریەکی رۆژنامەنووسیدا یانەی هەولێر لە بارەگای یانەکەیدا و لە کۆنگرییەکی رۆژنامەنووسیدا بە فەرمی یاریزانە تازەکانی خۆی بە دەزگاکانی راگەیاندن ناساند، کە پێکهاتبوون لە یاریزانان (یاسر قاسم، شێرکۆ کەریم، عودەی شەهاب و عومەر عەبدولرەحمان) ی وەکو یاریزانی نوێی یانەکەی بە میدیاکان ناساند، هەروەها ئاشکراشی کرد کە گرێبەستی لەگەڵ دارکۆ مارکۆڤیچ یاریزانی پیشەگەری مۆنتینێگرۆو (ئیڤان خالید) مۆرکردووە.**

**عەبدوڵڵا مەجید:**

**هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ ئەوەی رکابەریی بردنەوەی نازناوەکە بکەین**

سەرۆکی یانەی هەولێر د.عەبدوڵڵا مەجید جەختی کردووە، کە ئەم وەرزە ئامانجی گەورەتریان هەیە و گوتی: «دەمانەوێت ئەم وەرزە ئەو دەرفەتە بقۆزینەوە کە هاتۆتە پێشمان و لە نێو خاك و جەماوەر و هاندەرانی خۆماندا قۆناخی یەکەم تێپەڕێنین، دڵنیاشم لە قۆناخی داهاتوودا ئەرکمان ئاسانتر دەبێت».

عەبدوڵڵا مەجید سەرۆکی یانەکە لە درێژەی قسەکانیدا گوتیشی: «بردنەوەی نازناوەکە ئاسان نییە، بۆیە هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ ئەوەی رکابەریی بردنەوەی نازناوەکە بکەین.

**یاسر قاسم:**

**بۆ یانەی هەولێر گرێبەستێکی کەنداویشم رەتکردووە**

یاسر قاسم پێش ئەوەی بگوازرێتەوە بۆ یانەی هەولێر لە خولی سوید یاریی بۆ یانەی ئۆریبرۆ دەکرد، پێشتریش لە خولی ئینگلیزی یاریی بۆ یانەکانی برایتۆن، لۆتۆن، ماکسفیڵد، سوێندن تاون و نۆرچامپ تاون کردووە و چەند یارییەکی نێودەوڵەتیشی بۆ هەڵبژاردەی عێراق کردووە.

یاسر قاسم خۆشحاڵی خۆی بۆ پەیوەندیکردن بە یانەی هەولێرەوە دەربری و گووتی: «هەوڵ دەدین دڵی هاندەرانی یانەکە خۆش بکەین، بۆ یانەی هەولێر گرێبەستێکی کەنداویشم رەتکردووە».

**شێرکۆ کەریم :**

**هاتووینەتە هەولێر بۆ ئەوەی لەگەڵ کەسانی وەرزشکار وەرزش بکەین**

شێرکۆ کەریم، کە خەڵکی شاری کەرکوکە، پێشتر یاریی بۆ یانەکانی شورتە و زاخۆ کردووە، لە دەرەوەش وەکو پیشەگەر لە خولەکانی سویسرا و نەمسا یاریی کردووە، ئەمە جگە لە یاریکردن بۆ هەڵبژاردەی ئۆڵمپی عێراق.

شێرکۆ کەریم جەختی لەوە کردەوە، کە بۆ پارە نەهاتوونەتە هەولێر، لەو بارەیەشەوە گوتی: «ئەوەی لە بەغدا لەگەڵ یانەی شورتە بینیمان وەرزش نەبوو، کێشەی کارگێڕی زۆرمان هەبوو، بەڵام ئێستا هاتووینەتە هەولێر بۆ ئەوەی لەگەڵ کەسانی وەرزشکار وەرزش بکەین و بیرمان لە پارە نەکردۆتەوە.

**عودەی شەهاب:**

**لەپێناو هەولێر گرێبەستی یانە گەورەکانم رەت کردووە**

عودەی شەهاب لە یانەی کەرەخ، بە شێوەی خواستن تاکۆتایی خولەکە پەیوەندی بە هەولێر کردووە، جگە لە

ئا: رێبین رەمزی







یاریکردن بۆ هەڵبژاردەی عێراق پێشتر یاریی بۆ زاخۆ و کەرخ کردووە، کە ئەم یاریزانە لە هێڵی بەرگری یاری دەکات.

عودەی شەهاب لەم کۆنگرە ڕۆژنامەنووسیدا گوتی: «دوای کشانەوەی یانەی کەرخ چەندین گرێبەستی گرانبەهام لە یانە جەماوەرییەکانەوە بۆ هات، بەڵام لەبەر یانەی هەولێر گشت گرێبەستەکانم ڕەت کردووە، دڵنیام یانەی هەولێر دەبێتە هۆی گەڕانەوەم بۆ هەڵبژاردەی عێراق.

**عومەر عەبدولرەحمان:**

## یانەی هەولێر ناوێکی گەورەیە

عومەر عەبدولرەحمان لە یانەی کەرخ، بە شێوەی خواستن تاکۆتایی خولەکە پەیوەندی بە هەولێر کردووە، ئەم یاریزانە لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکات و لە هەڵبژاردەی ئۆلۆمپیی عێراق یارییکردووە و یارییشی بۆ یانەکانی موسڵ و عەلەم و قاسم و کەرخ کردووە.

عومەر عەبدولرەحمان لەم کۆنگرە ڕۆژنامە نووسییەدا گوتی: «یانەی هەولێر ناوێکی گەورەیە بۆیە، سەرجەم چاوەکان لەسەر ئەم یانەیەن، ئەمەش دەرفتێکی باشە بۆ ئێمە کە بتوانین بوونی خۆمان بسەلمێنین.

جگە لەم چوار یاریزانە هەولێر بەفەرمی گەڕانەوەی ئیڤان خالید یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی ڕاگەیاند، کە وەرزی ڕابردوو لە یانەی برایەتی یاریی دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا هاتنی یاریزانی هەڵبژاردەی مۆنتینێگرۆ (دارکۆ مارکۆڤیچ) پێکهاتەی ڕادان گاسانینی کرواتی، ڕاهێنەری یانەی هەولێری بەهێزتر کرد.